بەڕێوەبەری دەنگی ئێندامانی ئینجومەنی پارێزگا مورتەزا ئیبراهیمی پارێزگاری زیقار دووخرایەوە



ئەنجومەنی پارێزگای زیقار ئەمڕۆ سێشەممە کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا و بەڕێوەبەری دەنگ بڵیاریدا بەوەرگرتنەوەی متمانە لە مورتەزا ئیبراهیمی پارێزگار.

ئەحمەد سەلیم، وتەبێژی فەرمی ئەنجومەنی پارێزگای زیقار ڕایگەیاند، "ئەمڕۆ پارێزگاری زیقار ئامادەی دانیشتنی لێپرسینەوەکە بو، هەروەها چەند پرسیارێکی لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاوە لێکرا، بەهۆی ئەوەی وەڵامەکان بەپێی ویستی ئەندامان نەبون، بڵیارێك لەلایەن سەرکایەتی ئەنجومەنەوە دەرکرا بۆ ئامادەکردنی دانیشتنی تایبەت بۆ وەرگرتنەوەی متمانە لە پارێزگار".

ئاماژەی بەوەشکرد، "دەنگدان و لێپرسینەوە زۆر دروستە و هیچ کێشەیەکی تێدا نییە، بەڵام دەنگدان بۆ دورخستنەوە، وەك لیژنەیەکی یاسایی، بۆ نادروست تەماشای دەکەین، بەو پێیەی ئەمە لە ئەنجومەنی پارێزگا بڵیار بو لە کاتژمێر 1:00ی پاشنیوەڕۆ دانیشتنەکە ئەنجام بدەین، کاتژمێر 12:00ی پاشنیوەڕۆ پارێزگار لەپێستەکەی دورخرایەوە و ئەمەش پێشێلکردنی یاسا ناوخۆییەکانە".

مورتەزا ئیبراهیمی بە مەبەستی لێپرسینەوە لەبارەی چەند پرسکەوە بانگهێشتی ئەنجومەنی پارێزگا کرابو، بەهۆی ئەوەی وەڵامەکانی باوەڕپێهێنەر نەبون متمانەیان لەوەرگرتەوە، ئەو پارێزگارە بەهۆی تۆوەگلانی لە چەند دۆسیەیەکی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی و نەبونی هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا بڕیاری دورخستنەوەی درا.